# یارافیلم یان بەعسی فیلم!

د.مەنمی

ئاشکرایە کە میدیا بەهەموو شێوازەکانیەوە هۆیەکە بۆ ڕۆشنبیرکردنەوەو ووریا کردنەوەی خەڵک و لەم ڕۆژەی ئێستادا بووە بە پێویستیەکی گرنگی ڕۆژانەی تەواوی مرۆڤەکانی ئەم ڕووی زەمینە، لە هەمان کاتدا میدیا وەکو هەر ئامێرێکی تری ترسناک لەناو کۆماڵگادا ڕۆڵی نێگەتیڤی خۆی هەیە شانبەشانی ڕۆڵە پۆزەتیڤەکانی،بەتایبەتیش ئەگەر لەلایەن کۆمەڵێک یان گرووپی چەواشەکارەوە بەڕێوە ببرێت.

ئەوەی هانیدام ئەم چەند دێرە بنوسم، مێژووی پڕ چەواشە کاری حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە لەبواری چەواشەکردنو خۆڵ لەچاوکردنی ئاپۆرەی خەڵکە سەبارەت بە ڕاستیەکانی کوردستان،هەروەها ئەرکی نوێنەرو میدیاکانیان لەدەرەوەی کوردستان.

کاری میدیاکانی کوردستان تەنها فریودان وە زەمینەخۆشکردنە بۆ پروپاگەندەی سیاسی وە لەسەروو هەموشیانەوە جوانکردنی ئەو نەهامەتیانەی ڕۆژانە بەسەر مرۆڤی کوردی تێکشکاودا دێت،ناساندنی شکستەکان بە سەرکەوتن،ئەمانە دوو دنیای گەلەک جیاواز بەیەکتر لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دروست دەکەن بۆ زیاتر بەهەڵە لەیەکترگەشتنی هەردوولاو دواتریش بێئاگاییەکی تەواو لەیەکتر.

هەڵبەتە ئەو چەکە ترسناکە بەدەستی کەسانی گێلەوەیە،بەڵام لەهەمانکاتدا سەرپەرشتیارەکانیان گێل نین ،ئەوان چاک دەزانن چۆن وە بە چ ئارەستەیەکدا دەیبەن.

گێرانی ئاهەنگ بۆ بەعسیەکی وەکو(هیثم یوسف) و پاشانیش پەخشکردنی ئەهەنگەکەی لە کوردسات چ مانەیەک دەبەخشێت،کاتێک منداڵی کورد ئەنفال دەکران،ئەم لەگەڵ (عدي) کوڕی دکتاتۆردا شەوانی سوریان دەبردەسەر،شەرابیان دەنۆشی،کاکی وێنەگری کوردسات ئەوندە بەوەوە نەوەستاوە کە فەرمانی گەوروکانی جێبەجێبکات بەڵکو منداڵەکەی خۆشی داوەتێ وێنەی لەگەڵدا بگرێت،من کەئەو وێنەیەم بینی یەکڕاست وێنەکەی سید الرئیسم بیرکەوتەوە کە منداڵێکی کوردی لەباوەش گرتبوو! تکایە سەیری ئەم لینکە بکە... http://www.yarafilm.com/#

پاشانیش بەوەوە نەوەستاوە بەڵکو هاتوە کۆنە بەعسیەکی لە کلیپێکدا دابەزاندوە،ئەو برادەرە کۆنە(طواری)ە نازانم بە چ ڕوویەکەوە هاتۆتە سەر تی ڤی،هەموو هاورامان باشی دەناسن،لەسلێمانی لەبەردەم تۆمارگای بابان لە شەقامی کاوە بە عەرەبیەکی سەقەت داوای هەویی لە خەڵک دەکرد،خۆزگە ڕێگەم دەکەوتە سوید بزانم عەرەبێکەت باشبووە..کار وا بڕوات چاوەڕێی کلیپی(علي کیمیاوی) دەبین لە شاشە پڕ درۆکەی کوردسات...

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com